# لەیلا فەریقی و کێشەی عەمانوئیل تۆمی!

## تامان شاکر

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی کورد کوژی و بەرەو پێش چوونی باری ئابووری کوردستان و بوونی پارەیەکی زۆر لە خەزینەی حیزبەکان و کرانەوەی هۆتێلە جوانەکان لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك ڕێژەیەکی زۆر لە کوردانی هەندەران ڕوویان کردەوە کوردستان بە هەرناوێك بێت، هەندێکیشیان بۆ ماوەی دوورو درێژ میوانی سەر خوانی حیزبەکان بوون، بە هەموو شێوەیەك خزمەت کراون، هەندێکیشیان ئەنفالی پارەی کوردستانیان کردووە، لە سەر حیسابی منالّی هەژارو کەمئەندام و پیرو پەکەوتەی کوردستان،و بۆ چرکە ساتێکیش بیریان لە دونیای دەرەوە، نەکردۆتەوە ببینن منالآنی کورد بە چلەی گەرما خەریکی پێلاّو بۆیاخ کردن و دەستەسڕ فرۆشتن و عەلاگە فرۆشتنن لە ناو بازاڕ وسەر شەقامەکان .

من لەوماوەیە واتە لە سالّی 2003 وە زوو سەفەری کوردستانم کردووە بە هۆی نەخۆشی براکەمەوە کە هەردوو گورچیلەی بە سستی کار دەکەن، لە هەموو ئەو سەفەرانەمدا خانمی فەریقی هەر لە کوردستان بووەو میوانی حکومەتی هەولێر بووە، سەر سەرو سەر چاو من هیچ کێشەم نییە

کوردستان ولآتی هەمووانە بەلآم ئەوەی وای لێکردم ئەو بابەتە بنووسم گلەیی خانمی فەریقی بوو لە کورد کە گوایە عەمانوئیل تۆمی هاوڕێ و دۆستی لە لایەن کوردەوە پەراوێز کراوەو بایەخی پێنادرێت، لە بەر ئەوەی کورد نییە .

*(تۆمی دەلّێ من پەراویز خراوم تەنها لەبەر ئەوەی کە کورد نیم،و شۆڤینیەت و تەسك بینی نەخزمەتی کردووەو نە خزمەت دەکات،) منیش دەلّێم نەتزانی و زۆریش بە هەلّەدا چووی،چونکە کەس لە کورد بێگانە پەرستر نییە، پێشوازییە بێ وێنەکەی خەلّکی هەولێریش لە تاتلیساسی تورك نزیکترین بەلگەیە، دوایی تۆ لەگەلّ خانمی فەریقی بەردەوام لە هەولێری و میوانی دەسەلآتی کوردی، ئەو پارەیەی لەیلا وەری دەگرێ بۆ کلیپەکانی، من نازانم ڕاستە یان نا، بەلآم وەك گوێم لێبووە لە 50 هەزار دۆلار کەمتر نەبووە، ئەوە بێجگە لە پارەی هۆتێل و خواردن و خواردنەوەو گەڕان بێگومان بەشی تۆشی تیایە، چونکە تۆ تەنها بۆ ئەو کار دەکەی بۆ هونەرمەندانی تری کورد کار ناکەیت.خانمی فەریقی من نامەوی باسی کێشەی تایبەتی خۆم بۆ تۆ بکەم بەلآم بڕوا بکە ئەو برایەی من لە سالّی 1977 وە تا 1991 پێشمەرگە بووە لە شاخ حکومەتی کوردی ئەوەندە دەستکراوە نەبوو پارەی نیوەی کلیپێکی تۆ یان پارەی ڕێکلامی تابلۆکانی تۆی بۆ سەرف بکات و ژیانی لە مردن ڕزگار بکات.ئاخر (کۆژان)ی منالّ تەنها لەبەر نەبوونی چەند دەرزییەك کۆچی کرد، من دلّنیام خەلّکانی هاوشێوەی براکەم زۆرن لەم کوردستانە، بەلآم کەس ئاگای لێیان نییە .

من نامەوی ڕەخنە لە تۆ بگرم،بەلّکو رەخنە لەو سیستەمە دەگرم کە ئەو مۆدێلەی داهیناوە

خانمی فەریقی تۆ کە دەلّی خۆشحالّم کە کوردم، کەواتە تۆش ئەرك و مافت هەیە لە کوردستان و چۆن تۆ حەقت هەیە گلەییمان لێبکەیت ئێمەش حەقی ئەوەمان هەیە لێت بپرسین ئەرێ خانم جارێك چاوت بەو ڕۆژنامەیەدا خشاند کە چاوپێکەوتنت لەگەلّ دەکات و کێشەکەت دەخەنە بەرچاوی بەرپرسان و، هەر لەو رۆژنامەدا سەیری بابەتی گەرمیان لە حیکایەتی بیاباندا بکەو سەیرێکی خۆت بکە،و سەیری وێنەی ئەو منالّە بێنازو بێباوك و بێپێلآوە بکە کە بە جلە شڕەکانیەوە و بەبێ هیوا سەیری ژیان و پاشە ڕۆژی خۆی دەکات، ئەرێ خانم ڕۆژێك بیرت کردووە لەگەلّ تۆمی هاوڕێت سەردانێکیان بکەیت و یان هیچ نەبێت کۆنسێرتێکیان بۆ بکەیت و پارەکە بۆ ئەوان بە جل و بەرگ و پێلآو بدەی، لە ئەورووپا ئەوە کاری زۆر لە گۆرانی بێژو هونەرمەندەکانە ،تۆش دانیشتووی ئەورووپای ودەبێت ئاگات لە چالاکی ئەو هونەرمەندانە هەبێت هەرچەندە ئەوان لە گیرفانی خۆیان گۆرانییەکانیان تۆمار دەکەن وهیچ حیزب و دەسەلآتیان لە پشتەوە نییە تا پارەیان بۆ سەرف بکات. بلّیی بۆ سارێژکردن و دلّدانەوەی ئەوان گۆرانی (انا صبییە من کردستان)ت بۆ

عەرەبەکان چڕی بێت؟ بەڵام تۆ بە عەرەبی گۆرانی بڵێیت یان ناخێری بۆ کورد چییە، تۆ کەچاوت ئازاری ئەو (صبیان)ەی وڵاتەکەی خۆت نەبینێ هونەری چی دەکەیت؟ پێم وایە تۆ هەست بەو شتانە ناکەی و ئاگات لە دونیا نییە، تۆ بەداخەوە نەتتوانی باس لە ئازارەکانی خۆت بکەیت ئەو شەوە سەدان کەس چاوەڕێ بوون یادگارییەکی جوانی نێوان خۆت و مەرزییە باس بکەیت،کەچی خەڵکت تووشی سەرسوڕمان کرد و قەڵەمی چاوو بۆنی مەرزیەت هێنابووە ستۆدیۆ لەگەڵ خۆت،من دلنیام مەرزییە ئەوەی نەدەویست بە هەرحاڵ ئەوە کێشەی خۆتە بەڵام تکایە خۆت ودۆستەکەت خەڵك بەشۆڤینییەت تۆمەتبار مەکەن .

کوردستان تیڤیش کێشەی هەموو کوردستانی بەلاوە ناوەو ڕێکلام بۆ گۆرانییەکەی تۆ دەکات.

لە وانییە بۆ تۆمی گرنگ بێت دەنگی تۆ بکات بە عەرەبی چونکە،دۆست و هاوکاری تۆیە بەڵام بڕوا بکە بۆ کورد کێشەیەك نییە، لەمەو دوا دەتوانی بڕۆیت بۆ وڵاتە عەرەبیەکان و گۆرانییە عەرەبیەکانت لەوێ تۆمار بکەی و نەفرەتیش بکەی لە وحیزب و وڵاتەی ساڵەهایە ئەرکی ژیان و کلیپەکانت و خەرجی سەفەرەکانتی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و لە شیراتۆن وهەورامان میوانداریتان دەکەن .

ڕۆژنامەی میدیاش ئەوە دوو ژمارەیە بایەخێکی ئەو تۆی داوە بەم کێشەیە،وەك ئەوەی تەنها کێشەی خانمی فەریقی و هاورێیەکەیمان هەبێت وکەسی تر لەو کوردستانە پشتگوی نەخرابێ تەنها تۆمی نەبێت،لەکاتێکدا ئێمە تا سەرسەرمان لە نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی نقووم بووین و هەر بەزمی تۆمیمان کەمە.

* عەمانوئیل تۆمی هاوڕێ و دۆست و هەڵسوڕێنەری کارەکانی خانمی فەریقییە لە ژمارە 216 میدیاو لە لاپەرەی 13 گلەیی دەکات .کە کورد شۆڤینییە بۆیە ئەویان پەراوێز کردووە .